# مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی ڕستە لە زمانی کوریدا

م. سيروان سمين أحمد

زانکۆی کەرکوك

کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان/بەشی زمانی کوردیی

Serwansamen4@gmail.com

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناو نیشانی (مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی ڕستە لە زمانی کوریدا) یە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی مۆدێلەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بە جۆرێك ئەو هەنگاوانەی، کە ڕستە پێیدا تێپەریوە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانەوانی کوردی تا کۆتا هەنگاو دیاریکراوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

لێکۆڵینەوەکە هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی مۆدێلەکانی ڕستەی زمانی کوردیی، بەپێی قوتابخانەی نەریتی/تەقلیدیی و قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، پەسندکردنی ئەو مۆدێلەی ،کە لەگەڵ ڕێزمانی کوردییدا دەگونجێت .

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستە و نموونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرچاوەکانی ئەو کتێبانە وەرگیراون، کە پەیرەوی مۆدێلەکانی ڕستەیان کردووە، هەنگاو بەهەنگاو ئەو مۆدێلانە دیاریکراوە .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە پەیرەوە کراوە، بەپێی قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە چەشن و مۆدێەکانی ڕستەی زمانی کوردی دیاریکراوە.

## ناوەرۆكی لێكۆڵینەوەكە :

ئەم لێكۆڵینەوەیە دا باس لە ڕستە كراوە بە پێی قوتابخانەی نەریتیی/ تەقلیدیی دواتر باس لە مۆدێلەكانی ڕستە كراوە بە پێی ڕێزمانی بەرهەهێنان و گوێزانەوە خستنەرووی ئەو مۆدێلانە و بەكارهێنانیان لەلایەن ڕێزماننوسانی كوردەوە و دیاریكردنی كەم و كورییەكانی ئەو مۆدێلانەش خراوەتەروو.

## قوتابخانەی تەقلیدی/ نەریتی

ڕستە لەم قوتابخانەیەدا لەسەر بنەمایەكی دیاریكراو كاری لەسەر نەكراوە بە شێوەیەك واتا و ئەرك و پۆلی وشە تێكەڵ بەیەككراوە لەم ڕوانگەیەوە دەكرێت چەند پێناسەیەكی ڕستە بخەینە ڕوو :

تۆفیق وەهبی ((ڕستە زنجیرە وشەیەكە بیرۆكەیەكی تەواو دەردەخات))

نوری عەلی ئەمین ((بەو كۆمەڵە واژەیەی كە بەكار ئەهێنین و مەعنایەكی تەواو ئەبەخشێ و فەرمانێكی لەتەكدایە ئەبێ پێی ئەڵێ ڕستە))

ئەورحمانی حاجی مارف ((ڕستە بریتیە لە كردار و پێداویستییەكانی))

نەسرین فەخری ((ڕستە كۆمەڵە وشەیەكی ڕێكخراوە بۆ مەبەستێك بەپێی یاسای زمان))

محەمەد ئەمین هەورامی((ڕستە ئەو ئاخاوتنەیە كە بكەر و كاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێت))

عەبدوڵلا حوسێن رسوڵ((ڕستە بریتییە لە وشەیەك یان زیاتر، كە واتایەك بدات بە دەستەوە))

لە پێناسەكانی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە كە ڕستە لە ڕێزمانی تەقلیدیدا ئەرك و واتا و پۆلی وشە تێكەڵكراوە لەهەمان كاتدا بەهۆی ئەوەی ئەو تیۆرییەی كاریان پێیكردووە بەلایەوە گرنگ نەبووە كام رەستە حوكمكەرە دەچێتە سەری پرۆژەكە یان

بەجۆرێکی تر بڵێین ئەم بیرۆکەیە لە ڕێزمانی تەقلیدی نەبووە بۆیە کاریان لەسەرنەکردووە

## مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی ڕستە لە زمانی کوریدا

مۆدێل : وێنەگرتن و خستنەرووی ڕێزمانە بەدیارییکردنی پێکهاتەکانی و جیاکردنەوە لە یەکتری و بەستنەوەی پەیوەندییەکانیانەوە پێکەوە (محەمەد مەحویی:١٦:٢٠٠٤)

مۆدێلەکانی ڕستە لە زمانی کوریدا :

ڕستە بە گرنگترین یەکەی زمانیی دادەنرێت، گەورەترین یەکەیە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا و جێگەی بایەخی سەرجەم قوتابخانە زمانەوانییەکان بووە، لە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زماندا تاکو تیۆرە نوێیەکانی سەردەمیش گرنگی و بایەخێکی زۆر بە ڕستە دراو بەتایبەتی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەنەوە لێرەدا مۆدێلەکانی ڕستە هەنگاو بە هەنگاو لە قوتابخانەی نەریتیی(تەقلیدیی) تا تیۆریە نوێیەکانی زمانەوانی دەخەینەڕوو:

## مۆدێلی (S)

ئەم مۆدێلە[(١)] لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا لەلایەن چۆمسکیەوە بەکارهێنرا، ئەمش دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چۆمسکی syntactic structure لە ساڵی ١٩٥٧ هاتەکایەوە، بەسەرەتایەکی گرنگ دادەنرێت لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاکو ئەمڕۆ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە و چەندان گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراوە، گرنگترین قۆناغەکانیش ئەمانەن:

قۆناغەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

١ . دروستەسینتاکسیەکان syntactic structure

---

(١) ئەم مۆێلە بە شێوەیەکی فراوان و بەربلاۆ لە زمانی کوردی پەیرەوکراوە بە تایبەتی لە نامە ئەکادیمیەکان لە ساڵانی (٩٠) ەکانی سەدەی رابردوو تاکو ئێستاش بەشێك لە زمانەوانەکان ئەم مۆدێلە پەیڕەودەکرێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

وریاعومەر ئەمین (١٩٧٦،٥٥) (مزگین عبدالرحمن،٤٣،٢٠٠٦) (دیار عەلی،٢٣،٢٠٠٢) (یوسف محمد،٤٨،٢٠٠٩)

٢. تیۆری ستاندارد Standard theory

٣. تیۆری ستانداردی فراوانکراو Extended Standard theory

٤. بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانکراو Revised Extended Standard theory

٥. تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە Government and Binding Theory

٦. بچوکترین پڕۆگرام Minimalist program

بەشی هەرە زۆری لێکۆلینەوە زمانییەکانی زمانی کوردیی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو پەیرەوی مۆدێلی تەقلیدیی کراوە ئەو پێناسەی چۆمسکی بۆ ڕستە کردی لە ژێرکاریگەری بۆچوونەکەی ئەفلاتون بووە بناغەی دروستبوونی ئەم مۆدێلە، ؛کە دەڵێت (ڕستە بریتییە لە فریزی ناوی و فریزی کاری) بە هۆی ئەوەی هەموو پێناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕستە لە ناو کار پێکدێت هەر بۆیە رستە بە شێوەی دوو پەلکی (S) سەری ڕستەکان دەگرێت بە پێی جۆری کردارەکە هێلکارییەکان دەگۆرێت، سەرەتای ئەم مۆدێلە لەلایەن د.وریا عومەر ئەمین بەکارهێنراوە

١



٢




٣




**کەم وکورتییەکانی مۆدێلی (S)**

**ـ S لە هیچ پێکهاتەیەکی خوارەوەی خۆیدا (VP ـ NP) نییە .**

**ـ هیچ پۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگیی/ئەرکی نەبۆتە سەری فرێزەکە .**

**واتە کاتێك (S) لە دروستەی ڕستەدا دەبێتە سەری ڕستەکە ئەوە پێشێلی ڕێسای X ـ باڕ دەکات، کە دەڵێت مەرجە هەموو فرێزێك سەرێکی هەبێت بەڵام لە هێڵکاری (١،٢،٣) ئەم**

ڕێسایە پێشێلکراوە، لەکۆتایی سالآنی (١٩٧٠)کاندا جێکەوتەیەکی تر بۆ دروستەی ڕستەی سەرەوە زیادکرا ئەو ڕەگەزانە لە خۆبگرێت (بنوێنێت) کە لە رستەدا هەن وەکو مۆرفێمی تاف و ڕێکەوتن /کەس) هەربۆیە دروستەی رستە بۆ سێ بەشی خورتیی (پێویست) دابەشکرا جگە لە NP و VP بەشی سێیەم ناونرا (INFL) شکانەوە ( cook, 2007:102) بۆ ئاسانی نوسین تەنها پیتی (I) دەنوسرێت بەم پێیە بێت دەبێت ڕستە بە پرۆژەیەکی گەردانیی دابنێین بۆ نواندنی ڕستەکان بەپێی تیۆری X-bar تا رادەیەك کێشەکە چارەسەردەکات چونکە کەرەستە گەردانییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا (Auxiliary) ەکانن وەك(is, are, can, couid,shall......) ئەمانەش لە ڕستەدا کات و بێ کاتیی ڕستەش بەهۆی ئەمانەوە دیاریدەکرێت بۆ رونکردنەوەی ئەم مەبەستە بروانە هێلکاری ٤ و ٥

کەواتە INFL لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێتە سەری ڕستە ئەمەش واتە ڕستە پرۆژەیەکی

ژمارە ٤




ژمارە ٥



ایە، IP یکە، لەبەر ئەوەی کرداریش سەرەی فرێزی کردارییە جێی خۆیەتی ئەگەر بلێین I، VP یێك وەك تەواوکەرووەردەگرێت

ژمارە ٦




مۆدێلی $V^{=}$

ئەم مۆدێلە (د.محەمەد مەحویی) لە کتێبی ڕستەسازیی کوردیی لەساڵی ٢٠٠١ و کتێبی مۆدێلەکانی ڕێزمان ساڵی ٢٠٠٤ بەکارهێنراوە بە جۆرێك ($V^{=}$) لە بری ڕستە و ($V^{-}$) لەبری فرێزی کرداری بەکاریهێناوە پێکهاتەی بەم شێوەیە دارشتوە

(a)v′1 ⟶ N″ 1 – V″2

(b) v′2 ⟶ N′2 - V

(c) N′ ⟶ N

(d) N ⟶ △

(e) v ⟶ △

دەکرێت لە ڕێگەی هێڵکارییەکی هەرمییەوە دابرێژرێت و بنوێنرێت .

ژمارە ٧




محەمەد مەحویی لە کتێبی ڕستەسازیی کوردیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە فرێزی ناوی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دۆخی ڕێزمانی بکەریی پێدەدرێت کاتێك کرداری کات و کەسدار هەبێت بۆ بەڵگەی ئەم بۆچوونەش لە لێکدانەوەیدا بۆ فرێزی شکانەوەی کردار($\bar{V}$) (IP) وای بۆ دەچێت وەچە پێکهاتەی INFL هەمیشە کەرەستە سەرەتاییەکانی Tense و AGR تێدایە ئەمەش وادەکات کات و کەسی زمانی کوردیی بەسەری فەرهەنگیی دابنێت نەك سەری ئەرکی/ گۆکەر بەوەش INFL ناتوانێت ببێتە پرۆژەی نودێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا هەر بۆیە دۆخی ڕێزمانیی بکەرییش لەلایەن شکانەوەی کات و کەسی زەنگینی کردارەوە ڕوودەدات ئەم بۆچوونە لەگەڵ مۆدێلی Tense و AGR یەکناگرێتەوە، بەلاّم د. محەمەد مەحویی هەنگاو بەهەنگاو بیروبۆچوونەکانی گۆرانی بەسەر داهاتووە ئەمە سروشتی زانستە وا دەکات بیرەکانی بەپێی سەردەم بگۆڕێت دواتر کاری بە مۆدێلی (IP) کردووە لە ساڵی ٢٠١٦ دا لە نامەی ماستەری ئارام ڕەشید مەجید بە ناونیشانی دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کاریدا کاریان بە مۆدێلی (AGR) کردووە

## گرفتی بەسەرەبوونی VP

کردار لە زمانی کوریدا لە دوو فۆرمی جیاواز دەردەکەوێت، ئەوانیش فۆرمی فەرهەنگی و فۆرمی گەردانکراون و واتە کردار هەم لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و هەم لە ئاستی سینتاکسدا یە ئەمە کێشەی بۆ ڕێزمانی کوردیی دروستکردووە بەتایبەتی لەکاتی شیکردنەوەی ڕستە و فرێزەکان بۆ کەرتە پێکهێنەرەکانیان و دیاریکردنی سەرە و

تەواوکەرەکانیان کاتێك فۆرمە گەردانکراوەکە دەبێتە سەرەی فرێزێکی کرداری لەم شیکردنەوەیەدا پێشێلی هەندێك لە بنەماکانی تیۆری X bar دەکەین، چونکە سەرەی فرێزکان دەبێت کەتیگۆری فەرهەنگی بن ئەمە لە لایەك و لەلایەکی تر ئەگەر فۆرمە گەردانکراوەکە سەری فرێزی کرداری بێت ئەی سەری ڕستەکە دەبێتە چی؟ دەکرێت تەنها رەگی کردارەکە بەسەرەی فرێزی کرداری دابنرێت، ئەمە بۆچونێکی گونجاوە چونکە رەگی کاردار تاکە مۆرفیمێکە کە مانای کرۆکی وشەکەی هەلگرتووە، هیچ مۆرفیمێکی گەردانی (کات و کەس) ی لەگەڵ دانییە لەهەموو شێوە جۆراوجۆرکانی لێکسمیکدا دووبارە دەبێتەوە بەلگەیەکی تریش کە پالپشتی ئەم بۆچوونە بکات کە رەگی کردار سەرەی فرێزی کردارییە ئەوەیە هەندێك لەرەگی کردار لە شێوەی مۆرفیمێکی سەبەست دەردەکەون وەك (لەرز، ترس، هەو، پرس.......هتد) بەلام بەهۆی ئەوەی زۆربەی رەگی کردارەکان وەك دانەی سەربەخۆ دەرناکەون بەلکو بە مۆرفێمی ترەوە بەندن بەیاریدە و هاوکاریی ئەوانەوە واتا دەبەخشن چونکە بەهۆی رەگی کردارەکانەوە لە واتا سیمانتیکییەکانیان ناگەین (حاتەم ولیا،١٢١،٢٠٠٩) بەپێی ئەم بۆچوونە د.حاتەم پێی وایە ناکرێت رەگی کردار بەسەرەی فرێزی کرداری دابنرێت بەلام ئەو رەگانەی کە واتاکانیان روون نییە دەکرێت لەکاتی بەکارهێنان رەگی کردارەکە روون بێتەوە بۆ نمونە رەگی (ب، چ، بە، کە) لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت کاتێك دەکرێت بە کرداری رانەبردوو مۆرفێمەکانی تافو رێکەوتن وەردەگرێت دەبێت بە (دەچم) ئەو گرفتەش نامێنێت، لە مۆدێلی ( AGR ) دا ئەمە رووندەکرێتەوە بۆ زانیاری زیاتر بروانە(عەبدولجەبار مستەفا،٢٠٢٠، ١٦) و (سازان زاهیر، ٢٠٢٠، ٢٣٠) با وا دابنێین کە ( VP) پرۆژەی مەزنە maximal projection هەروەها

S - سیستە (ڕستیلەی Clause) پرۆژەی (V) کردار نییە زیاتر لەوەی پرۆژەی (Chomsky,1981:164) لە ناوەراستی (١٩٨٠) کاندا لە X - باردا ئەم هێلکارییە درەختییەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنرا

مۆدێلی IP

ئـەم دروسـتەیە تـەنها ئـەوە دەرنابڕێـت کـە ڕەگـەزی (I) سـەری ڕسـتیلەیە (Clause) هەروەها ڕستیلە پـرۆژەی مـەزنی شـکاندنەوەیە، ئـەوەش دەردەبڕێت کـە VP تەواکـەری شکانەوەیە – N بکەر دیاریکاری شکانەوەیە

ژمارە ٨




ژمارە ٩




## گریمانەی شەقبوونی (INFL)

لە تیۆری X ـ باڕ دا بەرەو پێشچوونی گرنگ لە ڕەگەزەکانی شکانەوەدا روویـدا لـە زمـانی ئینگیزیـدا شـکانەوەی کردارەکـە فیچەری/سـیمای تـاف و ڕێکـەوتنی بکـەر دەنوێنێـت و

هەروەها فیچەری ڕێکەوتنی بکەر بێهێزە (کەمە) لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفێمی (S) ریکەوتنی بکەر بەکردارەکەوە دەردەکەوێت کە ڕێکەوتنی بکەر دەردەخات

لە رستییلە دا (clause) یەك گرێی شکانەوە هەیە واتە بۆ هەردوو مۆرفێمەکە (تاف و ڕێکەوتن) گرێی جیاوازییە ئەمەش پەیکاڵە لەگەڵ گریمانەی شەقبوونی (INFL) دا هەر یەك لە مۆرفێمەکان دەبنە پرۆژەسازێنەری تایبەت بەخۆیان و خۆیان دەبنە سەری فرێزەکان فرێزی ڕێکەوتن سەری فرێزەکەی مۆرفێمی ڕێکەوتنە، فرێزی تافیش سەری فرێزەکەی مۆرفێمی تافە

هێلکاری ژمارە ( 5 ) بۆ زمانی ئینگلیزی نوسراوە واتە ئاراستەکەی لەلای چەپ بۆ لای ڕاستە بەلاّم لە زمانی کوریدا بەپێچەوانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنوسرێت

ئەم مۆدێلە لە زمانی کوریدا لە ساڵەکانی دووهەزارەکاندا بەکارهێنرا و بەشێوەیەکی بەربلاّو ئەم مۆدێلە لەزمانی کوریدا پەیرەو کراوە و سەرەڕای دیاریکردنی کەم کورییەکانی ئەم مۆدێلە ئێستاش بەکاردەهێنرێت ئەو زمانەوانانەی کاریان بەم مۆدێلە کردوە:

د. ئەبوبکر عومەر قار لە نامەی دکتۆراکەی (بەراوردێکی مۆفۆسینتاکسی لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا) بەم مۆدێلە کاری کردووە . ئەوەی جێگەی سەرەنجە بەهۆی ئەوەی ئەوەی ئاراستەی زمانی کوردی پێچەوانەی زمانی ئینگیلزییە هێلکارییەکەی بۆ نمونەی زمانی کوردی بەکارهێناوە بەلاّم لە ریزبوونی کەرەستەکان (Agr) پێش (Tenes) خستووە بەلاّم لە ریزبوونی کەرەستەکان لەزمانی کوریدا بەپێچەوانەوە (Tenes) پێش (AGR) دەکەوێت هێلکاری ژمارە (١٠) لە (ئەبوبکر عومەر قادر،٢٠٠٣، ١٢٠) وەرگیراوە

ژمارە ١٠




د. سباح رشید لە نامەی دکتۆراکەیدا هەندێ لایـەنی رێزمـانی دەسـەلات و بەسـتنەوە دا بە مۆدێلی IP کاریکردوە بـەجۆرێك كـات و كـەس لێكجیانـەكردووە تـەوە واتـە هـەر بـەو سیستەمە کاریکردووە کە پێش شەقبوونی INFL لـە زمـانی ئینگلیزییـدا INFL حـوکمی NP ی بکەر دەکات و دۆخی رێزمـانیی دەداتـێ (Chomsky: 1993:132) بـەلاّم ئـەم بۆچوونە لەگەڵ زمانی کوردی یەکناگرێتەوە لە مۆدێلی AGR دا هەریـەك $T^0$ و $AGR^0$ گۆکردنی کەتیگۆری کۆتایی یان دەبێـت بـەوەش TP دۆخـی نۆمینـەتیڤی لـە رێـی AGR ەوە بە بکەری ڕستەکە دەدات نەك کرداری کات و کەسدار

ژمارە ١١




ئەوەی جێگەی سەرنجە (I) نەکردوە بە دوو پەلکی بۆ ئەوەی روونبکرێتەوە تاف یان ڕێکەوتن بچێتە سەری پرۆژەکە

د. حاتەم ولیا لە نامەی دکتۆراکەی بەمۆدیلی IP کاریکردووە بە جۆرێك بەهەمان شێوەی د.سباح رشید پێشنیاز کاتو کەس سەری رستەی زمانی کوردی بێت (حاتەم ولیا:١٦٦:٢٠٠٩).

د. شێزاد سەعید لە نامەی دکتۆراکەی ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا لە ساڵی ٢٠١٣ کاری بە IP کردووە بەجۆرێك پەیرەوی پێش شەقبوونی IP کردووە بەهەمان شێوەی د.حاتەم ولیا لێکدانەوە بۆ ڕستەی زمانی کوردی کردوە

ژمارە ١٣




## زانیاری فەرهەنگیی:

فەرهەنگ(lexicon) پێرەوی کۆ زانیارییەکانی زمانی مرۆڤە ،(زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکان لەفەرهەنگدا تۆمارکراون ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، ئاخێوەری گشت زمانێك دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە(عەبدولجبارمستەفا،٢٠٢٠، ٧٩) بەواتایەکی تر هەموو ئەو وشانەی لە ناو مێشکدا خەزنکراون زانیاری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی و پراگماتیکییەکان لە وشەنامەکەی ناو مێشکیدا تۆمارکراون، فەرهەنگ پەیوەستە بە کەرەستەوە (Elements) دروستەیەکی سینتاکسی تێردەکات واتە دروستەیەکی بێ کەم و کوریی لە فرێز وڕستە بەرهەمدێنێت، زانیاری سینتاکسی لەناو کەرەستە خەزنکراوەکانی ناوفەرهەنگدا هەڵگیراون و سینتاکس بەپێی پارامێتەری زمانی کوردیی دەینوێنێت، نواندنە سینتاکسییەکان لە هەر ئاستێکدا بن پرۆژەیەکی فەرهەنگیین بە پێی ڕێسای پرۆژە سازدانی جیهانی سەرە ڕێزمانییەکان بریتیین لە کردار V ) ناو ($N^0$) ناوی تایبەتی و جێناوی سەربەخۆ) ئاوەڵناو ($A^0$) پێشناو ($P^0$) دیارخەر ($D^0$) Determiner تاف($T^0$ Tense ڕێکەوتن ($Agr^0$ Agreement، واژەگۆکەر($C^0$)

Complimentazer هەر یەکێك لەو سەرە ڕێزمانیانە لە ئاستێکدا جۆرێك لە فرێز دروستدەکەن

## مۆدێلی T

کرداری بنەرەتی (Main verb) کە لە فۆرمی ڕەگدا بەرجەستە دەبێت دروستکەری دەستەواژیلەی کردارییە دەبێتە سەر لەبارەی ($V^{-}$) ەکانەوە لە ناو دروستەی لەخۆیان گەورەتر دەشکێنەوە بۆیە تاف کەرەستەی فەرهەنگییە دەبێتە سەری ڕێزمانی ($V^{-}$) لە ناویدا دەشکێتەوە واتە پەیرەوەی یاسای ($V^{-}$ + $T^{0}$= $V^{-}$) دەکات فرێزی تاف دروستدەکات

ژمارە ١٤




(عەبدولجەبارمستەفا ،٢٠٢٠: ١١) لەم هێلکارییە دەخرێتە ڕوو

تاف و ڕێکەوتن سەرێکی ئەرکین و لە پێکهاتەی سینتاکسیدا حوکمدەکەن تاف لەگەڵ فرێزە کردارییەکەدا گرێی (Node) تاف دروستدەکەن لە ڕێگەی ڕێکەوتنەوە حوکمی بکەر دەکات دۆخی بکەریی(Nominative) دەدرێتی

واتە کرداری بێ تاف دۆخی بەکاریی و کرداری تافدار دۆخی بکەریی دەدات فۆرمی تاف هەلگری پرۆژەسازدانی فراوانکراوە بۆیە داوادەکات TP بکەری تێدا بێت چونکە TPیەکان رستیلەن بۆیە لە پرۆژەیەکی سینتاکسی بەهۆی نەبوونی رێکەوتنەوە نە بووەتە پرۆژەیەکی تێرو بێکەموکوریی بەڵکو دەبێت TP یەکە لە ناو AGRP یەکدا بشکێتەوە ڕستەیەکی سادە بەرهەمبێت بەمەش لە پرۆژە سازدانی فراوانکراو پرۆژەی مەزن XP ی مەرجدار بە بوونی بکەر بۆ بنیاتنانی پرۆژەی رستە فراواندەکرێت

ژمارە ١٥




هێلکاری ژمارە ١٥ لە سازان زاهیر،٢٣٠،٢٠٢٠).

د. تارا محسین لەنامەی دکتۆراکەیدا (زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام) کاری بە TP کردووە بەجۆرێك ڕستەی زمانی کوردیی بە مۆدێلی T ناو دەبات لەسە بنەمای ئەو بۆچوونەی Pollock لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت دەشێت مۆرفێمەکانی

شكاندنەوە لە جێکەوتەی خۆیاندا بن و کردارەکە بە مۆرفێمی شکاندنەوەوە لکێنرا بێت ئەم نمونەیەی هێناوەتەوە

ژمارە ١٦




تارا محسین پێی ئەو رۆڵەی T دەیبینێت AGR نایبنێت ئەم نمونانەی هێناوەتەوە

من رۆیشتم

*من رۆیشت

کرداری رستەکە لە (رەگ+ INFL) پێکهاتووە وەچە پێکهاتەی INFL لە ( TوAGR ) پێکهاتووە بەلاّم ئەو رۆلەی T تاف هەیەتی AGR نییەتی چونکە هیچ کردارێك بێ تاف دروست نابێت بەلاّم ئەگەر مۆرفێمی رێکەوتن نەبێت لە دروستەی رستەدا واتای رستە ناگۆرێت لەبەرئەوەی فرێزی بکەر لە رستە هەیە کەس و ژمارەی بکەر دەزانرێت پێی وایە AGR زانیاری تازە نادات بەدەستەوە لە راڤەکردنی رستەدا ئەم بۆچونە لە لێکۆلّینەوەکانی د.عەبدولجەبار مستەفا پێچەوانەکەی سەلمێنراوە تاف لە رێگە ئەگریمێنتەوە دۆخی نۆمینەتیڤی دەدات لەم بارەیەوە رۆستن Rothstein هەولّیداوە

ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراوە بە هۆی هەندێك بیرۆکەی بنچینەیی گشتییەوە دەربارەی مەرجی بکەر دابڕێژرێت تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆژە سازدانی مەزن تێر ناکرێت ئەگەر بکەرێکی بۆ دانەنرێت دواتریش پێشنیازی یاسای بەستنەوەی پریدیکاتی کرد و مەرجەکەشی بە هۆی XP یەوە دیاریدەکرێت (سازان زاهیر: ٨٠:٢٠٢٠) لەم ڕوانگەیەوە ڕستەی زمانی کوردیی بێ مۆرفێمی ڕێکەوتن ڕستەیەکی تەواو بێ کەمو کوری بەرهەم نایەت .

Pollock لە ساڵی (١٩٨٩) دا دروستەی هاوشێوەی هێڵکارییە درەختییەکەی ژمارە (١٥) بە دروستەیەکی جیهانی دادەنێت واتە هەموو زمانەکان دەگونجێت تەنانەت بۆ ئەو زمانانەش کە مۆرفێمی جیا و سەربەخۆیان بۆ تاف و ڕێکەوتن نییە بەڵگەکانی لە زمانی فەرەنسیەوە هێناوەتەوە گریمانەی ئەوە دەکات مە شکاندنەوە بە شێوەی ڕەگەزی جیا لە کردارەکە بەرهەمدەهێنرێن ئەوەی پێکەوە دێن لە ئەنجامی چەند پێواژۆیەکی سینتاکسیەوەیە دەشێت یەکێك لەو گریمانانە دروست بن بۆ ئەو پێکەوە بوونە لە رووکەشدا هەیە

١ . دەشێت کردارەکە لە جێکەوتەی خۆیدا بێت و مۆرفێمەکانی شکاندنەوە بەکردارەکەوە لکێنرابن

٢. دەشێت مۆرفێمەکانی شکاندنەوە لە جێکەوتەی خۆیاندا بن و کردارەکە بەشکاندنەوەوە لکنێنرا بێت

ئەو پارامێتەرەی سەرەوە لە نێوان زمانەکاندا جیاوازیی دەنوێنن بۆ نمونە کرداریی زمانی ئینگلیزیی لە (VP) دایە، بەلاّم کرداری زمانی فەرەنسی بۆ جێکەوتەی شکاندنەوەی دەگوازرێتەوە (گواستنەوە) .

مۆدێلی AGR

ئـەم مۆدێلـە لـە لایـەن د.عەبدولجـەبار مستەفا مـەعرووف لـە سـاڵی ٢٠١١ بـەکارهێنراوە بەیەکێك لە مۆدێلە بێ کەم و کورییەکان دادەنرێت لەسەر ئەو بنەمایەیەی کە باشترین ڕێسا و مۆدێل ئەو جۆرانەیە کە ڕێساکان کەم بن بەسەر تـەواوی زمانـدا جێبـەجێبکرێت ئـەم مۆدێلـە ڕسـتەی ئاسـایی و باسمەنـد و مۆرفۆسـینتاکس و ڕسـتەی بکـەرنادیار جێبەجێـدەکرێت، لـە مـۆدێلی T ئـەوە روونکرایـەوە کـرداری تافـدار دوای کـەس دەکات چـونکە لـە ڕێگـەی کەسـەوە دۆخـی نۆمینـەتیقی بـۆ بکـەری ڕسـتە پێیـە ($T^0$ و تەواوکەرەکـەی ($V^-$) پێکـەوە ئـارگۆمێنتی دەرەکـی هەلاوێردەکـەن ئەمـەش لەسـەر دوو بنـەما دەبێـت أ/ بنەمایـەکی سینتاکسـی پەیوەسـت بـە پۆلـە ڕەگـەزەوە (ب) بنـەمای سیمانتیکیی پەیوەست بە فیچەرە واتاییەکانی ئارگۆمێنت – داواکراوەکەوە

ژمارە ١٥



مۆرفێمــەکانی رێکــەوتن کــەتیگۆری کــەتیگۆری شــکانەوەی سینتاکســیی حوکمکــەرن بــەجۆرێك حـوکمی فریـزی تـاف دەکـەن وەك نیشانەی دۆخـیش لـە دوو کاتـدا و بـە دوو مەرج رێگە بە دەرکەوتنیان دەدرێت

١ . ئەگەر پەیوەندی نێوان سەر و تەواوکەر پەیوەندییەکی هاوسێیەتی نەبێت

٢. ئەگــەر ئاگۆمێنــت دەرنــەبڕاو بێــت یــاخود بــە هۆکارێــك بــۆ جێکەوتەیــەکی دیکــە گوێزرابێتــەوە ئــەو کــات پێویســتە نوێنــەرێك لــە جێگــەی خــۆی بــەجێبهێلێت کــە مۆرفێمـەکانی رێکـەوتنن ئـەم جـۆرە مۆرفێمانـە دەبنـە نیشـانەی بەڵگـەیی بـۆب وونـی ئاگۆمێنتێکی دەرنـەبراو یـاخود گـوێزراوە هـەر وەك گواسـتنەوە لـە هـەردوو جێکەوتـەی بکەر و بەرکار بە پێی پێویست روودەدات (سازان ساهیر٢٠٢٠ : ٢٣١) کەواتە زمـانی کـوردی لەو زمانانەیە لە ناو دروستەی کردارەکەیدا مۆرفێمی تاف پاشان رێکەوتن رێکەوتن دێـت سـەرەو ریزبـوونی جێکەوتـەکانیان دیـاریکراون هـەر بۆیـە هـەر گۆرانێـك روودەدات راستەوخۆ کاریگەری لەسەر تێکچوونی پارامیێتەری رستەکە دەبێت گواستنەوە بەرکار بۆ سـەرەتای ڕسـتە پارامیێتـەری ڕسـتەکە تێکـدەدات ئەگـەر چارەسـەرنەکرێت دروسـتەیەکی رێگە پێنەدراو بەرهەمدێت بروانە ئەم نمونەیەی خوارەوە

منداڵەکەی ئێمە

ئێمە منداڵەکە*

ئێمە منداڵەکەمان

j j

لـەم روانگەیـەوە بـۆ ئـەوەی دروسـتەیەکی راسـت و دروسـت و رێگـە پێـدراو بەرهـەمبێت دەبێــت لــە رێگــەی هاونیشــانەکردنەوە ســەرە رێزمانییەکــە لەگــەڵ ئــەو نیشــانەیە رێکبکەوێت، بەوەش پارامیێتەری رێکەوتن لە نێوان سـەر ونیشـانەکەدا جێبەجێـدەکرێت، بـەلاّم ئـەو کەرەسـتانەی سەرپشـکین کاتێـك دەجـولێنرێن بـەهۆی نـەبوونی جێکەوتـەی چەسپاوەوە هیچ شوێنپێیەك جێناهێلێت .

پیشتر ئاماژە بەوە کرا مۆدێلی (Agre) گونجاوترین مۆدێلە بەهۆی ئەوەی سەرجەم ڕستەکانی زمانی کوردی پێی شیکاردەکرێت لێرەدا بەنموونەوە جۆرەجیاوازەکانی ڕستەی زمانی کوردی دەخەینە روو بە پێی مۆدێلی (Agre)

رستەی سادە




ژمارە ١٧

ڕستەی ئاوێتە / ئالۆز

ژمارە ١٨


Agr''
Agr'
DP
TP
من
zp
T'
Vp
par
Agr
T
V'
Agr'
که
م
Agr'
V
ها
ت
DP
TP
Agr'
T
له دەرەوە
T0
VP
V
ت
ڕۆیش
ئەو
ø

ژماره ١٩



**مۆرفۆسـ ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ ـینتاکس**

**ژمارە ١٩**



## ئەنجام

١ . مۆدێلی ڕستەی زمانی کوردی بە هەمان شێوەی زمانە جیهانییەکان چەند قۆناغێکدا تێپەریوە، هەر لە ڕێزمانی تەقلیدی/نەریتی تا تیۆرە نوێیەکان بەشی هەرە زۆری ڕستەی زمانی کوردی پەیرەوی ڕێزمانی تەقلیدی کراوە و دواتر بە شێوەی بەربلاّو مۆدێلی S پەیڕەو کراوە و هەنگاو بە هەنگاو مۆدێلەکانی تر پەیرەو کراوە .

٢. لەرێزمانی تەقلیدیدا ئەرك و واتا تێکەڵکراوە بە جۆرێك ئەو پێناسانەی بۆ ڕستە کراوە بە شێکیان لە روانگەی واتاوە لە ڕستەیان روانیوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە واتایەکی تەواو دەبەخشێت بەشێکی تریان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕستە بریتییە لە بکەر و کردار واتە لێرە ئەرك و و پۆلی وشە تێکەڵکراوە .

٣ . کرداری فەرهەنگی ($V^0$) توخمی فەهەنگی پرۆژەسازدەرە و پەیوەست بە زانیارییە ناواخنەکەیەوە دەبێتە بنچینەی پێکهێنانی فریزی کرداریی (VP) واتە کردارە ($V^0$) دوای پێدانی دۆخی ئەکوزەتیفی ئەوەی بەپێی ڕێسای دوو پەلکی بەرهەمیندێنێت جۆرێکی دیکەی کردارە دەبێت بە کرداری سینتاکسیی ($V^-$) دادەنرێت

٣. تاف و رێکەوتن سەرێکی ئەرکین و لە پێکهاتەی سینتاکسیدا حوکمدەکەن تاف لەگەڵ فرێزە کردارییەکەدا گرێی (Node) تاف دروستدەکەن لە رێگەی رێکەوتنەوە حوکمی بکەر دەکات و دۆخی بکەریی(Nominative) دەدرێتی واتە کرداری بێ تاف دۆخی بەکاریی و کرداری تافدار دۆخی بکەریی دەدات فۆرمی تاف هەڵگری پرۆژەسازدانی فراوانکراوە بۆیە داوادەکات TP بکەری تێدا بێت چونکە TPیەکان رستیلەن بۆیە لە پرۆژەیەکی سینتاکسی بەهۆی نەبوونی رێکەوتنەوە نە بووەتە پرۆژەیەکی تێرو بێکەموکوریی بەڵکو دەبێت TP یەکە لە ناو AGRP یەکدا بشکێتەوە ڕستەیەکی سادە بەرهەمبێت بەمەش لە پرۆژە سازدانی فراوانکراو پرۆژەی مەزن XP ی مەرجدار بە بوونی بکەر بۆ بنیاتنانی پرۆژەی رستە فراواندەکرێت

٤. مۆدێلی (AGR) گونجاوترین کۆدێلە بۆ ڕستەی زمانی کوردیی بە هۆی ئەوەی بۆ سەرجەم ڕستەکان دەگونجێت واتە رستەی سادە و لێکدراو و ئالۆز و ڕستەی باسمەند و ڕستەی مۆرفۆسینتاکیی و رستەی بکەرنادیاری شیکار دەکات.

## سەرچاوەکان

١. تۆفیق وەهبی(١٩٢٩)دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم (دارالطباعة الحدیثة) بەغدا
٢. سازان زاهیر سەعید، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا (٢٠٢٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی
٣. سەباح رشید قادر(٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاٚت و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوریدا، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤. حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٩) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ،دهۆك
٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف(٢٠٢٠) لێکۆلینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی
٦. عەبدوللا حوسێن رسول(٢٠٠٥) پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر
٧. محەمەد مەحویی (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی
٨. محەمەد مەحویی و نەرمیین عومەر(٢٠٠٤) مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، لە بلاوکراوەکانیهەفتەنامەی سلێمانیی نوێ، سلێمانیی.
٩. نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (١٩٨٢) ڕێزمانی کوردی ـ بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاٚحەدین چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەلێر
ب/ نامەی زانکۆیی (بلاونەکراوە)
١٠. ئەبوبکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی
١١. دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢) ڕێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر ،کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین
١٢. تارا موحسین قادر (٢٠١١) زمانی کوردی و مینیمالٚ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی
١٣. شێرزاد سەعید سەدیق، ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی لەزمانی کوردی فارسیدا، نامەی دکتۆرا، فاکەلتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
١٤. مزگین عەبدولرحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیف لە زمانی کوردیدا (کرمانجی سەروو) نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین .
١٥ . یوسف محەمەد ئەمین ،هەندێك لایەنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لە ڕستەی لێکدراودا، نامەی ماجستێر، کولێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین

**به زمانى ئينگليزى**

1.Chomsky,N. (1982), Lectures on Government and Binding , the pisa Letures, Seventh edition, FORIS PUBLICATIONS , Dordrecht-Holland

2. .Chomsky,N. (1993), Lectures on Government and Binding , the pisa Letures, Seventh edition, FORIS PUBLICATIONS , Dordrecht-Holland

3. Cook.V.& Newson, M.(2007)Chomskys Universal Grammar, Third edition, Blackwell publishing.

## الملخص:

البحث بعنوان (نماذج الجملة في اللغة الكوردية حسب النظرية التوليدية). يتناول البحث المراحل التي مرت بها بنية الجملة في اللغة الكوردية بحسب المراحل التي مرت بها النظرية التوليدية و التغيرات التي طرأت على مصطلح (رأس الجملة) أو المكون المحوري في الجملة.

منذ صدور كتاب (البنيات النحوية – ١٩٥٧) لنعوم تشومسكي بدأت المرحلة الاولى لبلورة البنية النحوية للجملة، وبعدها مرت البنية النحوية للجملة بتغيرات. وتعتبر قضية رأس الجملة من احدى القضايا التي اهتمت بها النظرية في مراحلها.

وقد حصل التغير ايضا في اللغة الكوردية حسب التغيرات التي حدثت لبنية الجملة في النظرية التوليدية، فقد كان لسؤال (اي مكون في الجملة يجب ان ياخذ موقع رأس الجملة؟) سؤالا جوهريا. وبحسب مراحل النظرية، تغير المكون الذي يأخذ موقع رأس الجملة في اللغة الكوردية. منذ المرحلة الاولى كان موقع رأس الجملة (S)، وكثير من الباحثين اخذوا بتلك البنية للجملة كبنية كونية–عالمية لجميع اللغات ومن بينها اللغة الكوردية. وفي مرحلة اخرى و خاصة مع صدور كتب تشومسكي الخاصة بنظرية (Government and Binding) اعتبرت (S) كرأس الجملة من الاشكاليات التي لاتتفق مع نظرية X–bar و مبدأ (يجب ان يكون لكل عبارة رأسا من داخل مكوناتها)، فحدثت تغيرات عدة على رأس الجملة. ففي مرحلة ما اخذت العبارة الفعلية موقع رأس الجملة، وبعدها ظهر مبدأ المكونات الاشتقاقية التي تتبع العبارة الفعلية (الزمن و الاتفاق) كمكون حلت موقع رأس الجملة. وفي مرحلة اخرى وحسب مبدأ انشقاق المكونات الاشتقاقية، ظهرت فكرة اي من المكونين الاشتقاقيين يمكنه اخذ موقع رأس الجملة، ولذلك ظهر اتجاهان،

احدهما اكد على مكون الزمن والاخر اخذ بمكون الاتفاق كرأس الجملة. وكان الاخذ باحد المكونين حسب اللغات و بنية العبارة الفعلية في تلك اللغة.

وفي اللغة الكوردية كانت مر رأس الجملة بتلك المراحل التي ذكرت حسب المراحل الزمنية للنظرية التوليدية. واخر المراحل التي اخذ بها الباحثون كنموذج للجملة في اللغة الكوردية كان نموذج AgrP.

## Abstract:

The research is entitled (Sentence models in the Kurdish language according to the generative theory). The research deals with the stages that the sentence structure has gone through in the Kurdish language according to the stages that the generative theory has gone through and the changes that occurred in the term (the sentence head) or the central component of the sentence. Since the publication of the book (Syntactic Structures - 1957) by Noam Chomsky, the first stage of crystallizing the grammatical structure of the sentence began, after which the grammatical structure of the sentence underwent changes. The issue of the sentence head is one of the issues that the theory was concerned with in its stages. The change also occurred in the Kurdish language according to the changes that occurred to the structure of the sentence in the generative theory. The question (which component of the sentence should take the position of the sentence head?) was a fundamental question. According to the theory stages, the component that takes the position of the sentence head has changed in the Kurdish language.

Since the first stage, the position of the sentence head was (S), and many researchers took that structure of the sentence as a universal-universal structure for all languages, including the Kurdish language. At another stage, especially with the publication of Chomsky's books on the theory of (Government and Binding), (S) was considered as the head of the sentence from the problems that do not agree with the X-bar theory and the principle (each statement should have a head from within its components), so several changes occurred at the head of the

sentence. At some point, the actual phrase took the position of the sentence head. Then the principle of derivational components that follow the actual phrase (time and agreement) appeared as a component that replaced the position of the sentence head.

At another stage, according to the principle of the splitting of derivational components, the idea emerged which of the two derivational components could take the position of the head of the sentence. Therefore, two trends emerged: one of them emphasized the component of time, and the other took the component of agreement as the head of the sentence. The introduction of one of the two components is adopted according to the languages and the structure of the actual phrase in that language. In the Kurdish language, the head of the sentence passed through those stages that were mentioned according to the temporal stages of the generative theory. And the last stage that the researchers took as a sentence model in the Kurdish language was the AgrP model.